# سەبارەت بە ڕاپۆرتکەی ئای ئێس جی[1]

**ڕێبوار ڕەشید**

**پێشەکی**

بەو پێیەی لە هەواڵەکاندا دەردەکەوێت نیگەرانیەکی زۆر لە ناو چەندین لایەنی جیاوازی کورددا هەست پێ دەکرێت. حوکمەتی هەرێمی کوردستانیش بە دروستیەوە لە چەندین لاوە ڕای خۆی سەبارەت بەو ڕاپۆرتە بە ڕەسمی بڵاوکردووەتەوە.

هەڵبەتە وەڵامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز مەسعود بارزانی، ڕوونکردنەوەکەی سەرۆکی حوکمەتی کوردستان بەڕێز نێچیروان بارزانی و بەڕێز محەمەد ئیحسان وەزیری کاروباری ناوچەکانی کوردستان لە دەرەوەی هەرێم (هێشتا ئازادنەکراوەکانی کوردستان) لە ڕووی سیاسییەوە لە جێی خۆیدایە و لە کاتی دروستی خۆیدا هاتن. وەڵامی سەرەککۆماری ئێراق، بەڕێز جەلال تاڵەبانیش، لەم بارەوە کە دەڵێت "ئێمە گەلێکی سەربەخۆ و سەروەرین و خۆمان بڕیار لەسەر چارەنووسمان دەدەین"[2]، و ڕوونکردنەوەی ئەم دووایییەی کامەران قەرەداخی کە گوتەبێژی سەرەککۆماری ئێراقی فیدراڵە لەم بارەوە شایان باسە.

ئەوی من لێرەدا دەمەوێت ڕوونی بکەمەوە ئەوەیە کە ڕێگای دروست ئەوەیە وەڵامی سیاسیی بەو قسانە بدەینەوە، نەک خۆمانی پێ نیگەران بکەین.

**نیگەرانیی یان وەڵامدانەوەی سیاسیی؟**

پاشان هەوڵ دەدەم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بۆ پێویست ناکات ئەو ڕاپۆرتە لە خۆ بکەین بە مایەی نیگەرانی، بەڵام بەر لەوە دەمەوێت بە هەموو ئازادیخوازێکی کوردستانیی ڕابگەیەنم کە هەمیشە بۆچوون و پلانی سیاسیی هەن و دەبن کە دژ بە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بن، جا سەرچاوەکانیان هەر شوێنێک بن. تێگەیشتن لەو پرنسیپە و پێهەڵگرتن لەو خاڵەوە لە سەرئێشەی لابەلایی وەدوورمان دەگرێت.

لەبەرئەوە گرینگە ئازادیخوازانی کوردستانیی بە هەموو شێوەیەک و بە باشترین شێوە کە بتوانن و لە دەستیان بێت سەنگەری سیاسیی و ئابووریی دەوڵەتی تورکیا و ئێران لاواز بکەن و کارگەلی دیپلۆماسیان لێ تێک بدەین. دەوڵەتی تورکیا یەکێکە لە هەرە دوژمنە چالاکەکانی کورد کە لە هەموو بوار و لەسەر زۆربەی ئاستی جیهانیی دژایەتی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان دەکات.

یەکێک لەو ڕێگایانە ئەوەیە کە حوکمەتی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیەی پێی دەکرێت هاوکاری ئەو بەشانەی دیکەی کوردستان بکات. هەمووان دەزانن کە دەوڵی تورکیا و ئێران بە هەموو شێوەیەک دەست دەخەنە کاروباری کوردستانەوە. حوکمەتی هەرێمی کوردستانیش بە دروستییەوە نابێت هەلی یارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانیی لە کیس خۆی بدات.

لەسەر ئاستی خەڵک، من پێموایە، ئەرکی سەرشانمانە کە هەموو جۆرە یارمەتیەکی ماڵی و گیانیی بەشەکانی دیکەی کوردستان بدەین. بە هەموو شێوەیەک یارمەتی ئەو ڕێکخراوانەی ئەو بەشانەی کوردستان بدەین کە کوردستانیی و دیموکرات و پێشکەوتووخوازن و کە لە پراکتیکی سیاسییدا چالاک و ئازادیخواز و هەڵسووڕاون.

---

[1] The Iraq Study Group Report

[2] "We are an independent and a sovereign nation and it is we who decide the fate of the nation," http://www.puk.org/web/htm/news/nws/news061203.html

ئەم کارە هەم گەرانتیەکە بۆ کوردی باشووری کوردستان و هەم تەواوکردنی ئەو خەباتە ئازادیخوازیەیە کە دەنا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەو شێوە کۆنەپەرستە دواکەوتووە نابەرابەر و نایەکسانە دەمێنێتەوە کە ئێستا هەیە.

**ڕاپۆرتەکە چییە؟**

ڕاپۆرتەکە پێش هەر شتێک نە یاساییە و نە لە ڕووی سیاسییەوە گرێدەرە وا کە ئیدارەی بوش ناچار بێت گوێی پێ بدات. ڕاپۆرتەکە بریتیە لە چەند پێشەکیەکی کورت و ڕێنماییەکی ٧٩ خاڵ و پاشکۆیەکی زانیاری.

هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ناکۆکیەوە لە نێوان دیموکرات و کۆماریەکاندا چەندین لیژنە دەستنیشان کراون بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک کە بوش بتوانێت سوودی لێوەربگرێت. ئەم ڕاپۆرتەی ئای ئێس جی یەکێکە لەوان.

هۆی دەنگدانەوەی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە کە هەم لەسەر داوای دیموکراتەکان و هەم بە بەشداریی ئەوان ئامادە کراوە. کاتێک بە وردی ڕاپۆرتەکە دەخوێنیتەوە دەبینیت کە لە ڕاستیدا کێشەکە کێشەی ئێراق نییە، بەڵکو هەوڵدانی دیموکراتەکانە کە هێندەی دەکرێت پارسەنگی سیاسیی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و پاش تەواوبوونی دەورەی بوش بردنەوەی دەستەڵات مستوگر بکەن.

کلیلی وشەی ئەو ڕاپۆرتە "ئێراق" نییە، بەڵکو وشەی "دووپارتی / دووحیزبی" ”Bipartisan“ کلیلی باسەکەیە. هەرچەندە کە لە درێژایی ڕاپۆرتەکەدا تەنها ٧ جار هاتووە، بەڵام قورسایی سیاسیی ئەو وشەیە لە پێشووشەی ڕاپۆرتەکەدا بە ڕوونیی دیارە.

دیموکراتەکان دەیانەوێت بە هەر نرخێک بێت قامکێک وەردەنە ناو سیاسەتی ئەمەریکاوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوەش بێگومان دۆخەکەی ناسک کردووە کە هەندێک کۆماریی لە سیاسەتی ئیدارەی بوش جۆرێک لە ناڕازیین.

ڕەنگە باسەکەی فرانسیس فۆکۆیاما "Francis Fukuyama" "پاش نیۆکۆنسەرڤاتیڤەکان: ئەمەریکا لە چوارڕیانێکدا"After the Neocons: America at the Crossroads[3] لە بەهاری ئەم ساڵدا ئاشکراکردنی ئەو ناکۆکیانە بێت کە لە ناو خودی جۆرەکانی کۆمارییدا لە ناوەوە و لە دەرەوەی ئیدارەی بوش هەبوو و کە ئیتر نە دەکرا بشاردرێتەوە.

سەبارەت بە ئەگەری گوێپێنەدانی بوش بە ڕاپۆرتەکە یان تەنها بەگشتیی سوودلێوەرگرتن لێی، بەیەکر لە لێدوانێکدا لە Capitol Hill[4] دەڵێت "ناکرێت وەک سەلاتێکی میوە سوود لە ڕاپۆرتەکە ببینرێت"not to treat it like a fruit salad. واتا ئیدارەی بوش یان دەبێت وەک ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسیی تەواو لە ستراتیژیی ئێراقدا بەرخوردی پێ بکات، یان ناکرێت وەک میوەی سەر سینی بە ئارەزووی خۆی لێرە و لەوێ ئەوە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە نیشانە بە سەدانن کە ئیدارەی بوش ناتوانێت ئەو ڕاپۆرتە لەو تەواوییەیدا پیادە بکات. پاشان بە پێی یاسای دەستووریی ئەوە ئیدارەی بوش و شەخی بوش خۆیەتی کە بڕیار دەدات و دەتوانێت و بۆی هەیە بڕیار بدات بە چ شێوەیەک بەرخورد بەو ڕاپۆرتە بکات. هەڵبەت بەیەکر ئەم ڕاستییە باش دەزانێت، لەبەرئەوەیە بەردەوام دەبێت و دەڵێت "ڕەنگە ئەمە تەنها ڕاپۆرتێکی دووپارتیانە بێت کە ئیتر بە دەستی [جۆرج بوش] بگات this is propably the only bipartisan report he´s going to get ."

---

[3] بۆ نموونە بۆ کورتەیەکی ئەو نووسراوەیە بڕوانە کوردیش میدیا
http://www.kurdmedia.com/news.asp?id=11461

[4] The Independet. http://news.independt.co.uk/world/politics/article2055596.ece

به واتایەکی دیکە ئامادەکارانی ئەو ڕاپۆرتە داوای دووبارەدارشتنێکی سیاسیی دەکەن کە "بایپارتیزان" واتا "دووحیزبیانە" بێت.

**فانۆسە سیحرەیەکەی بەیکەر و هامیلتۆن**

گرفتی ڕاپۆرتەکە بێئەژمارده. هەرلەوەوە کە بۆ نموونە لە ڕووانگەی کوردەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمیی ئاماژەی پێکرد و چەندین ڕووناکبیری کورد، بۆ نموونە لە "کوردیشمیدیا kurdmedia " دا لەسەریان نووسیووە، تا گرفتی تیئۆری و سیاسیی پراکتیکی گەورەی تێدایە.

لە ڕاپۆرتەکەدا نێزیکەی ٤٥ (چلوپێنج) جار وشەی "ئەگەر if " بەکارهێنراوە کە سەبارەت بە باسی تیئۆری و سیاسیی گرینگن. لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمە ناو هەموو ئەو وردەکاریانەوە، بەڵام دەڵێم کە تەنها هەر چەند دانەیەک لەو "ئەگەرانە" بۆ حوکمەتی ئێراقی و ئیدارەی بوش لە کردن بهاتایە ئێستا ئێراق لە دۆخێکی دیکەدا بوو. گرفتەکە ئەوە نییە کە تیئۆریەکی سیاسیی چەندە لەسەر "ئەگەر" بنیات دەنرێت، بەڵکو لەسەر ئەوەیە کە چۆن ئەو "ئەگەرانە" دەخرێنە ژیانەوە.

بۆ نموونە لە بەشی External Approach دا دەڵێن "جێی خۆیەتی ئێران ڕێگا لە گەیشتنی چەک و مەشق بۆ ئێراق بگرێت، ڕێز لە یەکایەتی خاکی ئێراق بگرێت و نفوزی خۆی لەسەر شیعەکان بۆ ئەوە بەکاربهێنێت کە هان بۆ ئاشتەوابوونەوەی نەتەوەیی بدەن"[5].

بەیکەر و هامیلتۆن بێگومان ئاگاداری سیاسەتی فراوانخوازیی ئێران و دەستتێوەردانی لە ناوچەکە و سیاسەتی مەزهەبی و سەرکوتکاریی ناوخۆیی و بەرنامەی وزە و چەکی ئەتۆمیی و هەڕەشە لە ئیسرائیل و هی دیکەن. لە ڕۆشنایی ئەو فاکتانەدا بە تەمان ئێران لە چ ئاستێکدا و بۆ گوێیان لێ بگرێت، شایانباسە.

پێشووشەی بەڕێوەبەری ڕاپۆرتەکە، جەمیس بەکەر James A. Baker, III و لی هامیلتۆن Lee H. Hamilton بەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێن "کێشەی ئێراق بە گیراوەیەکی سیحریی چارەسەر ناکرێت "There is no magic formula to solve the problems of Iraq"، بەڵام لە پاش خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە خوێنەر حاڵی دەبێت کە ڕاپۆرتەکە دروست دوعای پەیداکردنی جۆرە دەرمان یان گیراوەیەکی سیحریی دەکات بۆ چارەسەری کێشەکە. هەر لەوەوە کە دەیان جار دەڵێن کە "ئەگەر" وا بکرێت (ئەوە بێلەوە کە هەر خودی باسەکە باسێکی نۆرماتیڤە، بۆ نموونە دەیان جار گوتویانە "جێی خۆیەتی وا بکرێت" و بەکارهێنانی وشەی "should" بە پشووی دڵی خۆیان بێ ئەوەی بە واقیعی ئەمڕۆوە گرێی بدەنەوە.

ئەگەر شەڕی شیعە و سوننە کە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی وشتر لە نێوان عەلی ئیبن تاڵب و عائیشە دا هەروا بە هاسانی چارەسەر بکردرایە، ئەگەر کۆکردنەوەی جەمسەری جودای سیاسیی و مەزهەبیی هەروا بە هاسانیی بگەیشتنایەتە یەک، ئەوا هەر خودی دیموکرات و کۆماریەکان ئێستا ئەو کێشە گەورەیەیان نەدەبوو، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو هەموو هاسانکارییەشیان لەبەردەستدایە و خوێنیش نەکەوتووەتە بەینیان.

ئەگەر ئێران و سووریا و هێزگەلی دیکەی ناوچەکە هەروا بە ڕێنمایی ڕاپۆرتێک، ئەویش نووسراوەیەکی دووحیزبیی بێت و لە پاتریۆتیزمی ئەمەریکییدا نوقوم بووبێت، دەستبەرداری ئەجێندای سیاسی خۆیان بوونایە، ئەوا چ پێویستی بە هەموو ئەو ڕووداوانە دەکرد کە لانی کەم لەو ١٥ ساڵەی دوواییدا ڕوویان داوە.

---

[5] "Iran should stem the flow of arms and training to Iraq, respect Iraq´s territorial integrity, and use its influence over Iraqi Shia groups to encourage national reconciliation".

هەڵبەت بەیکەر و هامیلتۆن ئەوە باش دەزانن هەر بۆیە دەڵێن "ئەگەر ویستی سیاسیمان هەبێت و هاوکاری یەکتر بکەین political will and coopration " و کە "ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە کە ئەم وڵاتە [ئەمەریکا] بەرەو هاوڕاییەکی وا بەرین The aim of our report is to move our country toward such a consensus". پاشان لە بەشی " Executive summary" دا وەبیر ئیدارەی بوش دەهێننەوە کە دەنا "ئەمەریکاییەکان دەشێت زیاتر جەمسەرگیر (قوتبگیر) ببن Americans could become more polarized".

بێ لە گوڵلەی کورد کە بەیکەر و هامیلتۆن بە لاقی خۆیانەوە ناوە، کە کورد ئێستا گەورەترین و بەهێزترین لایەنی ڕێکخراوە لە ئێراقدا، ئەوا گوڵلەی کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین ڕاپۆرتەکەی بە مردوویی خستە ڕۆژەڤی سیاسیی جیهانەوە. من پێموایە بەو زووانە ئەم پێداگرتنە دەردەکەوێت.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت "ئەمەریکا ناتوانێت بە ئامانجەکانی خۆی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بگات تا ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ کێشەی عەرەبی – ئیسرائیلیی و لەگەڵ ناسەقامگیریی ناوچەکەدا نەکات"[6].

ئەوە خاڵێکە کە دەتوانرێت لە زۆر حاڵەتدا بگوترێت، بەڵام کە لەگەڵ کێشەی ئێراق و کێشەی دیکەی ناوچەکەدا ببەسترێتەوە تەواو باسێکی دیکەیە.

گرێدانی کێشەی ناوچەکە بەو شێوەیە بە یەکەوە و کردنی بە یەک دانە لە قازانجی گەلانی ناوچەکە و ئەوانەدا نییە کە خەبات بۆ سیستەمگەلێکی دیموکراسی و ناناوەندگیر دەکەن. بێلەوەش تێگەیشتنێکی هەڵەیە لە ڕووداوە سیاسییەکان.

هەروەهاش لەم کاتەدا، بە سەیرەوە، دژایەتی بەرژەوەندی زلهێزانەی ئەمەریکاش دەکات و بەرپرسیاریی کێشەی فەلەستین و کێشەی لوبنان، بێ لە دەیان کێشەی دیکە، بۆ خۆرئاوا لەوە گەورەتر دەکات کە بیانەوێت خۆیانی لێبدەن.

لەبەرئەوە و زۆر خاڵی دیکەی تر، وەڵامدانەوەیەکی توند دژ بەو ڕاپۆرتە بەڕێوەیە.

ڕاپۆرتەکە نابێت ببێتە مایەی نیگەرانی بۆ کورد، بەڵام گرینگە وەکوو زەنگێکی ئاگاداریی ببینرێت کە چارەسەری کێشەی کورد هێشتا لە سەرەتای دەستپێکدایە و هەورز و نشێو لەسەر ڕێگادا زۆرن.

تەبایی، دایەلۆگ، پێشخستنی دیموکراسی و کولتوریی فرەلایەنی و فرەگەرایی هەنگاوی باشی سیاسیین بۆ کورد.

لە خەباتی ئازادیخوازییدا سیاسەتی قەدبڕکردن نییە.

ڕێگاکان سەخت و دژوارن، بەڵام هەر دەبێت ببڕدرێن.

٢٠٠٦/١٢/٩

[6] The United States cannot achieve its goals in the Middle East unless it deals directly with the Arab-Israeli conflict and regional insatability.